# مەریوان هەلبجەیی راستی دەرخستوە

**کاوێزمەلاپەروێز**

مەریوان هەڵبجەیی ئەوەی لە دوو تۆێی کتێبێك بە نێوی سیکس وشەرع و ژن بلاوی کردوەتەوە رێگای راستی ئیسلام و پەیامبەرەکەی بەرامبەر ژن لە کۆمەڵگای ئیسلامی دەرخستوە,گەرچی من مەبەستم نیە لە باوەری کەس کەم کەمەوە وەڵێ حەقیقەتێك لە دوو تۆیی کتێبەکەی مەریوان ئەو راستیانە دەخەنە روو کە ژن لە گەڵێ رووەوەنەك وەك مرۆڤ تەماشا نەکراوە بەلکو وەك (بونەوەرێك)ی دوو لایەنە سەیر کراوە هەم وەك موسیبەتێتك بۆسەر پیاوی مرۆڤی خەلاْتکراوی خوا هەمیش وەك ئارەزوویەکی خەلاْت بەخشێنراوی خوا بۆ پیاو.

ئەمە حیکایەت نیە مەریوان قسەی لەسەر دەکات ئەمە راستیەکی حاشە هەلنەگری سەردەمێکە لە ناوچەیەك وەك هەڵبجەیی ناوی دەبات بە دوورگەی عەرەب,کە ئێستاش باوەردارانی لە جیهانێکی بەربلاوتر دەیانەوێ ئەو یاسا و رێسایە بگەرێننەوە بۆ نێۆ کۆمەلگا و وەك پرنسیبیحکوم,بۆیە ئەگەر بە دیقەتەوە لەم کێشمەکێشەی ئیسلامی سیاسی بروانین بەرامبەر کتێبەکەی مەریوان زۆر راستی تر دەردەکەون کە جێگای باسی من نیە.

کاك مەریوان تەنێ کەس نیە هەڵوەستە لەسەر برگەو بەندەکانی ئەو دەستورە بکات کە بەری 1400ساڵ بە نێوی قورئان و فەرمودە دارێژراوە ئەویش بۆ میللەتێکی وەك عەرەب بەتایبەت لە بیابان کە یەك لە کارە سەرکێکانیان بۆ پەیدا کردنی بژێویان بازرگانی کردن بوە بە ئافرەت و تالان و برۆی ئەوانەی مل کەچ بەو دەستورە نەبونە زۆر لە ئایەت و فەرمودەکان بۆ رێخستنی کۆمەلگای عەرەبی نێودوورگە بوە...ئەوەی کە مشتومری لەسەر ناکرێ ئەو ئایەت و فەرمودانن کە بۆ مەبەستێك هاتونەتە نێو کایەیی کۆمەلگاوە بەتایبەت ئەوانەیان کە شەرعیەت بە کارە دزێوەکانی وەك ئەنفال,فرە ژنی,لەش فرۆشی,بۆ ئەو کات سادەو لە ئێستاشدا سەیر؟!...

تێروانین بەرامبەر ئافرەت بەو شێوەیە کە لە دەقەکاندا هاتوە و مەریوان شرۆڤەی دەکات کە ئافرەتی پلەدوو وپلە یەك پلە دووەکان ئەوانەبوونە کە کەنیزکی  پەیامبەرو یاوەرانی بونە ئەوانی تریش وەك ناوی هاتوە ئیمانداران کە لەو سەردەمە وەك مەریوان بە بەلگەوە دیسلمێنی ئارەزووی سکسی بەشێکی گرنگی کۆنترۆل نەکراوی ئەو کۆمەلگایە بوە بۆیە زۆر لە ئافرەتانی ئیمانداریش بۆ خالی کردنەوەی ئارەزووی سیکسیەکانیان پەنایان بۆ پیاوی تری بردووە...هەر بۆ نمونە مەسەلەی سیکس هەندە گرنگ بوە بۆ یەك لە خێزانەکانی پەیامبەر پۆختان دروست کراوە؟

بۆیە باوەرم وایە مەریوان کارێکی کردوە جێگای دەستخۆشیە وەڵێ لە رووی چاپەوە دەبوو بە شێوەیەکی باشتر ئەو بەرهەمەی بکەوێتە بازارەوە..

ئەوەی کە سەرنجی منیشە لەسەر ئەو کتێبە بەدەر لەوەی رووی راستی مێژوویەکمان بۆ دەگێرێتەوە کە ئێستایش پێوەی گیرۆدەین لە لایەکی ترەوە ئەم کتێبە و ئەوانی تریش نەقیزەن لە گیانی مەلاو کەلتوری دواکەوتویی کۆمەلگا دەژنرێ بۆیە سادەیە چاوەنواری ئەوە بین فتوای کوشتن بۆ نوسەر لە لای ئیسلامگەران دەربچێت هەر بیرکردنەوەیەکی وا بە خەتەری دەزانن نەك بۆ سەر پیرۆزیەکان وەك خۆیان ناوی دەبەن بەلکۆ بۆسەر جەماوەرەکەیان کە حەیفم جەماوەری کوردستان هەند هۆشیار نین بەو مەسەلەیە لایەنی کەم پێویستە جەماوەری ئیسلامی کە ژمارەیەن لە چاو کۆمەلگای کوردستانی زۆر لەوە کەمترە بەلاْم پێویستە ئەوە درك بکەن ئەوەی هەلبجەیی دەربرینی رای خۆی بوە و دەشبێ رێز لەو رایە بگیرێ...ئەگەر مەریوان پێشلی رای ئەوانی کردبێ ئەوە ئەوانیش پێشلی ئازادی نەك مەریوان هەزاران کەسی ئەم کۆمەلگایە دەکەن کە دەخوازن گۆران بە رووی کۆمەلگا بکرێتەوە بۆیە ئەگەر ئەوان ماڤی فەتودانیان هەبێ بە کوشتنی نوسەرێك دەبێ ئازادیخوازانیش وەدەنگ بین بۆ دادگایی کردنی ئەوانەی لە

ژێر ناوی دین بانگەشەی مەرگ بۆ رووحی نوسین و ئازادی رادەربرین دەکەن جێگای داخە ئەو حزبە ئیسلامیە فەتوای وا ئەدات یەکێکە لەو حزبانەی نێو هاوپەیمانی کوردستانی ئێمەش بە هۆی ئەو پارتە سەنگینانەوە دەنگمان بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ ئەو پارتە عەقل داخراوە چوە و ئەو پارتە و ئەمیرەکەیان کوشتنی نوسەرێك رادەگەینن و حزب و حکومەتی علمانی کوردستانیش مانگانە پارەیان پیّ ئەدات ..و لە ئاستی بریایّکی وەهادە بێدەنگە؟!..

لە خوێندەوەی کتێبەکەی هەڵبجەیی زۆر بابەت و تەوەر بە ژن و پایەیی ژن لە نێو پێکهاتەی ئاینی و کۆمەلایەتی ئیسلام روون کراوەتەوە بۆ ئەوەی خەلکیش پێش وەختە بریار نەدات و کوێرانە نەکەوێتە شوێن حزبە ئیسلامیەکان ئەو کتێبە بخوێننەوە کە بە دەر لەو دەقانەی ئایەت و فەرمودە شتێکی تری تیا نیە...تا ئێستاش وەلامێکی دروستی ئەو کتێبە نەدراوەتەوە هەندە نەبیّ کە گوێ بیستی بوینە لە مەلا و حزبە ئوسولیەکان ئەوەیە کە دەلین ئەو کتێبە بیّ حورمەتیە بۆ سەر موقەدەساتی ئیسلام..ئەگەر وابیّ ئەوە لە ناوەخانی ئیسلامدایە کە بیّ حورمەتی بە خودی رێباز و پەیامەکەی خۆی دەکات چونکی مەریوان وەك گوتمان بەدەر لە ئایەت و فەرمودەی پەیامبەر ئەوانەی لە دونیای ئیسلامدا موعتەبەرن شتێکی تری نەخستوەتە سەر ئەو خەرمانە کە زادەی بۆچونی نوسەر بێت..وەلیّ لەگەل هەر دەقێکدا هۆکاری دابەزینی لەسەرچاوە باوەرپێکراوەکانی ئیسلام وەرگرتوەو کردوویەتی بە کوردی..

بۆیە ئەوەی بەرامبەر مەریوان دەکریّ لە ناوەرکدا پەیامی ئیسلامیەکانە بۆ کوشتنی ئازادی بیرورا هەر کەسێکیش ئازادیخواز بێت ئەمە بە پێشیل کردنی ماڤی خۆی دەزانیّ کە ئیسلامگەرەکان موقەدەساتی وولاّتی ئێمە پێشێل دەکەن دەبیّ رۆشنبیران لە یەك سەنگەردا بە گژ ئەو کۆنە خوازانەدا بچنەوە و دەنگیان نەك بۆ پشتیوانی کردن لە بەرێز مەریوان هەلبجەیی بەرزبکەنەوە بەلکو بۆ سنوردانانی ئەو ئیسلامیانە کە بە ناوی ئاین هەرەشەی کوشتن لە قەلەمی ئازاد دەکەن و رێپیوان دەسازێن و دروشمی هەلەق و مەلەق دەلێنەوە...کاتی هاتوە حکومەتی کوردستان پەرژینێك دروست بکات لە بەرامبەر هەرەشەی ئیسلامیەکان و هەر حکومەتیشە دەبیّ بچێتە ژێر باری پاراستنی گیانی نوسەران بەلایەك و سازکردنی کەشی رادەربرینی ئازادی ئەمەش هەڵۆستی روونی لە حکومەت و دەسەلاّت گەرەکە,.

دواجار دەسەلاّتی ئێستای کوردستان دەبیّ ئەوە درك بکات ئەمە شەری ئیسلامیەکان دەگەل دەسەلاّتی کوردستان وەلیّ یەخەی نوسەران و رۆشنبیرانی گرتوە.

K_mlaprwez@yahoo.com